# ئێمە هەموو ئەرمەنین , ئێمە هەموو کوردین

## عەلی مەحموود محەمەد

ئەمەی سەرەوە ئەو درووشمە سەرکییە بوو , خۆپیشاندەرانی چەپی تورک , لە ناوچەی تەقسیمی ئەستەمبوڵ , لە کاتی خۆپیشاندانەکانیان , دژ بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس هەرانت دنکی ئەرمەنی دەیانووتەوە , درووشمەکە بۆن و بەرامەی نێو نەتەوەییبوون و بیر مەزنی مرۆڤایەتی لێ هەڵدەستێت , تەواو دژ بە قین و بیری نامرۆڤایەتی ناسیۆنالستە تورکەکانە , ناوبراو ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی ئەرمەنی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەرجوس بوو , دژ بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان هەڵوێستی توندی هەبوو , هەر بۆیە بە پێی یاسای ژمارە **301 ی ساڵی 2005 سزای 6 مانگ زیندانی بەبێ جێبەجێکردن درا , هەر کەسێك لە تورکیا دان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان بنێت , ئەوا بەو یاسایە سزا دەدرێت , ئۆرهان باموکیش لە لیستی ئەو ناوانەیە .**

**نەتەوەییە تورکەکان بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە زۆر قینیان لەو تێکۆشەرە بوو , دیارە ئەوان هەرکەسێك بڵێت من سەر بە نەتەوەیەك دیم , ئاوا دەبنە دوژمنی , چونکە پێیان وایە , هەموو هاووڵاتیانی تورکیا , پێویستە ناسنامەی نەتەوەییان هاوتای ناوی وڵاتەکە بێت , تەنانەت ڕقەکەیان گەیشتە ئەو ئاستەی , بە دەستی هەرزەکارێکی 17 ساڵانە بیکوژن .**

**چەپی تورکیا بەوە ناسراون , لە ژێر کاریگەری بیری ناسیۆنالستی کەمالستین , وەلێ لە کاتی کوشتنی ئەم ڕۆژنامەنوسە ئازادیخواز و دیموکراسیخوازە , بە درووشمەکانیان , بە خەبات و نارەزایەتییەکانیان , دژ بە ناسیۆنالستەکان هەڵوێستیان گرت , بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئێمە " هەموو ئەرمەنین , ئێمە هەموو کوردین " دەریانخست , داکۆکیکەری سەرسەختن لە نەتەوەکانی دی و دژ بە ترساندن و تۆقاندنیان دەوەستنەوە , لێ هێشتا ئێمەی ئەندامانی نەتەوەی ژێر دەست , ئەوەندەشمان پێ کەمە لە دۆستەکانمانەوە , پێویستە هاوبیرانمان هەنگاوی زیاتر و ئازایانەتر بنێن بۆ مافەکانی ئێمە , ئەویش دان نانە بە مافی نەتەوە ژێر دەستەکانی تورکیا بە مافی چارەنوسی خۆیان , تاکو ئاستی جیابونەوەو پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان .**

**تاکو ئەو درووشمانە لە شەقامەکانی تەقسیم و تەقسیمەکانی شار و شارۆچکەکانی دی ئەو وڵاتە بووترێنەوە , تاکو خەڵکانێك هەبێت لەو نیشتمانە , لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی ئەو دروشمانە تاکو مردن لە مانگرتن بەردەوام بن , ئەوا ئێمەش هەست دەکەین بۆنی ژیان , ڕەنگی ژیان لەو زیندانەی ئەتاتورك ناوی نا تورکیا ماوە , دیارە ژیان و مانی مرۆڤەکان بە دادپەروەرییەوەیە , بێ ئازادیخوازان وڵات دەبێتە وڵاتی گورگە مرۆڤ کوژەکان , هەروەك بینیمان و دەیبینین .**